The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد
Chak
Chak_kurdistan@yahoo.com

# راپۆرتێك دەربارەی کۆبونەوەی هاوبەشی ناوەندی هەڵەبجە

# و

# ئەنجومەنی کەمپی کاوەی پەنابەرانی رۆژهەلاّت .لە کوردستان

بۆ بە دواداچونی ئەو هەولاّنەی کە ناوەندی هەڵەبجە ( چاك ) لە دەرەوەی ولاّت و دڵسۆزانی گەلەکەمان و نوێنەرانی پەنابەرەکان دابوویان، بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بۆ پەنابەرانی کوردی رۆژهەلاّت دابینبکرێ و لە مەترسی شالاّوی توندرەوی دووریان بخەنەوە، کە رۆژانە لە کەمپی ئالتاش روو بە روویان دەبۆوە، ناوەندی هەڵەبجە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ کۆمیۆنی بالاّی پەنابەران ، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لایەنە پەیوەندارەکانی ئوردن و رای گشتی کوردی و نێونەتەوەیی لە هەوڵ و کۆششکردن دابووە .

لە ئەنجامی هەموو ئەو هەوڵ و گوشارانەدا کۆمسیۆنی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان فریایان کەوت و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ( ئیدارەی هەولێر ) توانرا (٥٠٠) سەرخێزان کە ژمارەیان ١٢٢٥ کەسە لە ماوەی مانگی ئەیلول تا تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بە دوو قۆناغ نیشتە جێ بکرێن ، ئەوەبوو دواجار لە ٢٠٠٥/١١/١٠ لە نزیك شارۆچکەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر نیشتەجێبکرێن، وێرای دابینکردنی فریاگوزاری بەرایی لە لایەن کۆمسیۆنی پەنابەران

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و رێكخراوی قەندیل ، بەلاّم ئەوە چارەسەری بنبڕكەر نابێ بۆ سارێژكردنی مەینەتی و ئازارەكانی پەنابەرێتی و دوورە ولاّتی!!

بۆ بەسەركردنەوەی رەوشی پەنابەران دوای گواستنەوەی زۆربەیان بۆ كەمپی كاوە لە هەولێر و كەمپی باریكە سلێمانی شاندێكی هاوبەشی ناوەندی كوردستان و دەرەوەی ولاّتی ناوەندی هەلّەبجە ( چاك ) كە لە عەلی مەحمود و سەلاّح مەزن پێكهاتبو، لە رێكەوتی ٢٠٠٦/٢/٥ سەردانی كەمپی كاوەی پەنابەرانی كوردانی رۆژهەلاّتیان كرد، لە كۆبونەوەیەك لەگەلّ ئەنجومەنی كەمپی پەنابەرانی كاوە كە پێكهاتبو لە ( محەمەدی عەزیزی، جهانگیر ئەحمەدی و كەریمی پالانی ) دەربارەی كاری هاوبەشی هەردوولا لە رابردوو لە ئاییندە قسەو باس كرا، ئەمجار سەبارەت بە ئاستەنگو سەختیەكانی گوزەرانی پەنابەرەكان و كەموكوی و گرفتەكانی ژیانی پەنابەرێتی بەگشتی، هەروا چەندان گرفت تەوەری باس كرایەوە، لەوانە:

+ خراپی رەوشی تەندروستی و سادەیی خزمەتگوزاری و دامەزراوەی تەندروستی لە كەمپەكەدا.

+ دیاردەی بێكاری لە نێوان لاوانی كوڕ و كچی كەمپەكەو بێبەشبون و دابڕانیان لە خوێندن و پێشكەوتنەكانی سەردەم.

+ مندالاّن وێڕای بێبەشبونیان لە ژیانی ئاسایی مندالّێتی و باخچەو یاریگا ، هەروا خوێندنی ژێر چادرگا، ئەمجار بەشی زۆری كۆلەمەرگی و سەختی ژیانیان بەردەكەوێ.

+ ژن لەو كەمپەدا ، بە هۆی خراپی یان نەبونی خزمەتگوزاری شارەوانی و مەدەنی بە تایبەتیش كارەباو ئاوی پێویست قورسایی گەورەی مەینەتیەكانیان وە ئەستۆ گرتووە.

بۆ بە تەنگەوە هاتنی ئەو گرفت و ئاستەنگانە شاندی ناوەندی هەلّەبجە بە هەماهەنگی لەگەلّ ئەنجومەنی كەمپی كاوە رەشنوسی بەرنامەیەكیان ئامادەكرد، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و رێكخراو و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵـەکانی نـاحکومی نێوخـۆیی و نێونەتـەوەیی بکـرێ، بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لـە داواکارییەکانیان بکرێ و مافەکانی پەنابەرێتیان بۆ دابین بکرێ، بۆ ئەو مەبەستەش چاك و ئەنجومەنی کەمپەکە فۆرمی راپرسیکردن ئامادە دەکەن و بەسەر پەنابەرانی کەمپەکە دابەشی دەکـەن، ئـەمجار بـە پێی گرفـت و پێداویستی ژیـانی رۆژانـەیان پـرۆژەی خزمـەتگوزاری لـە یـواری هۆشـیاری تەندروسـتی و کـەلتوری و کۆمەلایـەتی ، مافەکانی مرۆڤ، مندالّ و ژنان و لاوان لە کەمپەکە ئەنجام بدرێ. هەروا بڕیاری ئەوەش درا کەوا بانگەوازێکی هاوبەش سەبارەت یە چۆنیەتی دیـاریکردنی ئاییندەو ژیـانی پەنابـەرێتی و بێ ناسـنامەیی چارەگە سـەدەیەك لـە ژیـانی ئـەو خەڵکە دەربـەدەر و چارەنوس نادیـارە بۆ رای گشتی و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراو ەکانی مافی مرۆڤ و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و عێراق پەیام بکرێ.

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد

**CHAK**

کوردستان ٦ / ٢ / ٢٠٠٦

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

Filename: كۆبونەوەی ناوەندی هەڵەبجەو ئەنجومەنی کەمبی کاوە
Directory: C:\Documents and Settings\Miqdad\Desktop
Template: C:\Documents and Settings\Miqdad\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dot
Title:
Subject:
Author: Azhy
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١١:٤٥ ص
Change Number: 4
Last Saved On: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١٢:٠٢ م
Last Saved By: Miqdad
Total Editing Time: 18 Minutes
Last Printed On: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١٢:٠٣ م
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 4
Number of Words: 509 (approx.)
Number of Characters: 2,904 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com